# چەند سەرنجێك لە پەراوێزی شیعرەوە ... سەدیق سەعید ئاندزی

زمان، یەکێکە لە هەگەزە سەرکییەکانی شیعر. هەروەك مالارمێی شاعیری جیهانیش دەڵێت:(شیعر تەنها زمانە). بڕگومان زمان لێرەدا هەهەندێکی دیکەی هەیە. چونکە ئەگەر زمانی شیعری هەمان زمانی ئاسایی دەربڕین بوو، ئەوا جیاوازییەك نامێنێتەوە لە نێوی فۆرمی زمانەوە. زمان لە شیعردا،وێنەی هونەری، واتا،شیعرییەت و چێژو ئستاتیکایە. ئەوە گرنگ نییە زمانی دەقێك سادەیە یان ئاڵۆز، ئەوەنە یان تەمومژاوی، بەڵکو ئەو زمانە چەند دەتوانێت لە خولقاندنی ئەزموونی جیاوازدا، ئاڵۆز ببینێت.بڕگومان زمان وەك ئامرازێك، بە پێی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئەدەبی،هزری وکۆمەڵایەتی گۆڕانی بە سەر دادێت و پێش دەکەوێت.بەوپێیەی زمان، هەنگدانەوەی دنیابینی و هزری شاعیرە، ئیدی لە پەراوێزی گۆڕانکارییە هزریی و زمانییەکاندا، زمانی ئەویش گۆڕانی بە سەر دادێت. شیعرەکانی گۆران لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییەوە، هاوشێوەی شیعرەکانی دواتری نین. واتە گۆڕانکارییان لە نێوی فۆرمی دەربڕین و زمانی گوزرارشتکردنەوە بە سەر داهاتووە. وەڵێ دواجار ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە لە پەراوێزی ئەو زمانەوە، گۆران دەبڕێتە ئەزموونێکی جیاواز، کە تەنانەت ئێستاش بەشێکی زۆر لەوانەی شیعر دەنووسن، نەیانتوانیوە، لە ژێر کاریگەریەتی ئەزموونی گۆران لە نێوی زمانەوە دەربچن. زمانی شیعری، ستایلی نووسین و ناسینەوەی ئەزموونی شیعرییە. کاتێ شاعیرێك جیاواز دەنووسێت و لە زمانی باو دەردەچێت، هەنگاوێك بەرە و بونیادنانی زمانێکی شیعری تایبەت بە خۆی بونیاد دەنێ. بە گشتی ئەزموونی شیعری کوردی لە قۆناغی کلاسیکەوە، بۆ دوای ئاپەڕینیش، دەکرێ بڵێین ئەزموونێکی هاوشێوە و یەك ستایلی زمانە. بەشێك لە شیعری شاعیرە کلاسیکەکان، لە نێوی دەربڕینەوە هێندە هاوشێوەی یەکترین، کە نزیك بێتەوە لەوەی ئەزموونی شیعرییان هارمۆنی بێت. ئەم زمانە شیعرییە، لە قۆناغەکانی دواتریش دووبارە دەبێتەوە. زمانی شیعری هەفتاکان، زمانێکە هەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی و شۆڕشگێڕیی و گوتاری بەرگریی و مانەوە بەشێکە لە سیماکانی. ئەوەندەی وەك خوێنەرێك تێبینیم کردبێت، تەنها زمانی شیعری (جەلالی میرزا کەریم)ە، وەك زمانێکی جیاواز، لە نێوی وشە سازیی و دەربڕین و گوزارشتەوە، دەردەکەوێت. ئەگەر نا گوتاری شیعری ئەو قۆناغە، تا ئەو ئادەیە لە

یەکتری نزیکە،کە زۆر ئەستەمە ناوی شاعیرەکان لە پەراوێزی شیعرەکانەوە دەربکەین و ئەزموونی شیعرییان بناسینەوە. وەلێ بە بۆای من، هۆشتاش زمانی شیعری هەفتاکان، لە زمانی شیعری نەوەی نوێی دوای ئاپەین، لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە، ئستاتیکی ترو بە چڕترە.(دەکرێ خوێنەران بێ ئەو بەراوردکردنە، بگەنەوە سەر وتارێکمان لە ئەرشیفی هەردوو ماڵپەڕی سەنگینی ئەدەبی دەنگەکان و چراتیڤی بە ناوی (ئستاتیکی وشە لە شیعری نەوەی دوێنێ و نەوەی ئەمڕۆدا).بگرە زمانی بەشێکی زۆری شیعری دوای ئاپەین نەك تەنها لە ڕوخساردا، بگرە لە ناوەڕۆکیشدا، زمانێکی لاساییکەرەوەو وەك یەکە.بۆنموونە:

**داستان بارزان لە شیعرێکدا دەڵێت:**

پێش ئەوەی بمرم شتێك دەڵێم
مەدەلی تازەی مرۆڤ چەشنێکی بۆزارکەرن
ژیان لەگەڵ سەگ باشترە .*

**حوسێن لەتیفیش لە شیعرێکدا دەڵێت:_**

ماندووم لە مرۆڤ..
سەگ باشترە…وەفا پیشەی سەگە..**

لە نێوان ئەو دوو کۆپلە شیعرییەدا، نەك تەنها فۆرمی زمان، بگرە وێنە و دەربڕین و دنیابینی شیعریش هاوشێوەی یەکترین و لە یەکەوە نزیکن.وەك ئەوە وایە، لاسایی یەکترییان کردبێتەوە. کاتێ شاعیر ناتوانێ لە ژێر فۆرمی زمانی باو دەرچێت، ئەوا ئاسانترین کرداری شیعری لاساییکردنەوەیە. بێگومان هیچ ئەزموونێکی شیعریش جیاواز ناکەوێتەوە، ئەگەر زمانی ئەو ئەزموونە شیعرییە جیاواز نەبێت.لێرەوەشە ئێمە دەبینین، بەگشتی لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، ئەو جیاواز کەوتنەوەیە،نییە یاخود دەگمەنە. بگرە لە کێی مێژووی شیعری کوردیدا، نالی و گۆران، دەچنە نێو ئەو جیاواز کەوتنەوەیە. هەرچەندە بەختیار عەلیش، جۆرێك لە هەوڵی ئەزموونی جیاواز لە ڕووی نووسینی شیعرەوە دەدات و لە گوناە و کەرنەڤاڵدا، پایەکانی ئەو جیاواز کەوتنەوەیە دروست دەبن،وەلێ دواتر ئەو جیاواز کەوتنەوەیە، ناتوانرێت وەك گوتارێك بەردەوامی هەبێت و کاتێ دواین کۆمەڵە شیعری ئەو شاعیرەش دەخوێنینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. جیاواز کەوتنەوە، کە ئێمە پێشتریش لە وتارێکدا ئاماژەمان پێداوە،دەرەنجامی ئەزموونێکی درۆزو خۆ جیاکردنەوەیەکی یاخییانەیە، کە دەشێ بەر لەدان و ڕەتکردنەوەش بکەوێت. وەلێ ئەزموونی جیاواز، دواجار جیاواز کەوتنەوەی خێی دەسەلمێنێت و وەك شوناسێکی دیاریکراو دەمێنێتەوە، بگرە زەمەن ومێژووش دەبڕێت.

مەگەر دوای گۆران، تاکو ئێستاش، کەس توانیویەتی ئەزموونی ئەو دووبارەبکاتەوە، هەبەتە مەبەستمان ئەزموونی گۆرانە، نەك ئەزموونێکی جیاواز. بۆیە جیاواز کەوتنەوە، پرسەیەکی هزریی، زمانی، فەرهەنگی و دنیابینییە. لە ڕاستیدا، کاتێ خوێنەر بەر ئەزموونێکی کەسی و جیاوازی شاعیرێك دەکەوێت و کۆنتاکی لەگەڵ دەبێت، ئەوا بە ئاسانی ماکی ئەو ئەزموونە جیاوازانە دەناسێتەوە.لەو ڕوانگەیەشەوە ناسینەوەی ئەزموونی (سەباح ەنجدەر) وەك شاعیرێك،لە ڕووی زمان و فۆرمی نووسینەوە، ئەزموونێکی ئاشنایە بە من.هەبەتە ئەمە بەو مانایە نا، کە پەی بە وهەموو گوتنە جیاوازو ئاڵۆزو کەد ئامێزانە ببەم کە لە شیعرەکانی ئەودا هەن، کە بۆ خوێنەران بە گشتی شیعری قۆرس وسێك وداخراون و چوونە قووڵاییان، پێویستی بە پەی بردنێکی زۆرو خوێندنەوەیەکی وردو ئامانێکی قووڵ هەیە، بەکو بەو مانایەی لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەودا، ڕیتمێك هەست پێ دەکەم، کە لە شیعری ئەوانیتر جیاواز بکەوێتە بەرچاوم. ئەو ڕیتمە شیعرییە کە لە کاتی بینین و خوێندنەوەی شیعرەکاندا بەریدەکەوم،جۆرێك لە شێوەی گوتن و داشتنی زمان و هێلکاریی و تێپگرافیای دەق دروست دەکات، کە ئەو ناسینەوەیە بناسرێتەوە و لە شیعری ئەوانیتر جیا بکرێتەوە.بۆیە هەر کاتێ ئەو ئەزموونە دەبینم، ئەگەر ناوی شاعیریشی بە سەرەوە نەبێ، وەك خوێنەرێك دەیناسمەوە، چونکە ئەزموونێکی جیاوازو تایبەتە. تایبەت بە مانای زمانی شیعری و دنیابینی جیاواز. لێرەوەش کاتێ، شاعیرێك دێت و لەسەر هەمان ئەو ستایل و ڕیتمە شیعر دەنووسێت، درك بەوە دەکەم، کە شاعیرەکە چەند لە ژێر کاریگەریەتی ئەزموونی سەباح ەنجدەر دایە و هەوڵی نووسین لە سەر شێوازی ئەو دەدات. بەڵام ئایا نووسین هاوشێوەی ئەزموونی ەنجدەر هەر وا ئاسانە؟ بێگومان بە بڕوای من نەخێرو بگرە لە داهاتووشدا، نەدەبێتە ئەزموون و نەدەشتوانێت ئەزموونی شیعری خۆی دەوڵەمەندتر بکات. ئەمەش لە بەر یەك هۆکار، ئەویش ئەوەیە ئەگەر کەسانی تر، بیانتوانیبایە وەك سەباح ەنجدەر بنووسن، بە دڵنیاییەوە ئێستا شاعیرێك نەدەبوو، بە ناوی ساەباح ەنجدەر.ئەزموونی ئەو بۆیە ئەزموونی ئەوە، چونکە لە هی کەسی تر ناچێت. لێرەوەش کاتێ(ژیار ئەسوەد)دێت و لە ڕێی نووسینی شیعرەوە، هەوڵی لاسایکردنەوەی ستایلی شیعری ئەو دەدات، بێگومان نە دەتوانێت وەك ئەو بنووسێت، نەدەشتوانێت بەردەوامی بە ئەزموونی نووسینی شیعر بدات، کە من شیعر ئەو نووسەرەم پێشتر نەبینیوە . ئەگەر لاسایکردنەوەی ئەزموونی شیعری ەنجدەرکارێکی سادە و ئاسان بووایە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێستا، نەك شاعیرێك دەبوو بەناوی سەباح ەنجدەر،

نەئەزموونێکی جیاوازی شیعریش دەبوو.جیاوازکەتنەوە، هەنگاوی یەکەم و سەرەتای، بە خۆدابڕین لە ئەوانیتر دەست پێدەکات. دواتر جۆرێك لە شوناسی شیعری بونیاد دەنرێت، کە کۆتایی نییە و قووڵبوونەوە و بەردەوامی و وزەیەکی لە خۆدەبەدەری شیعری دەوێت.ئە و ئەزموونە جیاوازە، هەتدەکرێتەوە، دژایەتی دەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە، ماهییەتی ئەزموونەکەیە، کە تایبتمەندی کەسی و زمانی و شیعری تێدایە.ژیار ئەسوەد لە شیعرەکەیدا دەڵێت:
مڕوولە لە نێو لێچەکانی ڕوخساریدا ..
بارگەیان خست..***

**سەباح هەنجدەر چەندین ساڵ پێش ئەم وێنەیە، لە شیعرێکی خۆیدا دەڵێت:_**
مڕوولە بە نینۆکی پێم بەرزبوونەوە
لە ناوچاوانم پشووی دا..
دەمامکی کردەوەو تەماشای چیای کرد.****
یەکێك لە سەرەکیترین، هەنگاوەکانی جیاوازکەوتنەوەی شیعری، نە نووسینە وەك ئەوانی تر. کاتێ شاعیرێك لە هەر تەمەنێك دابێت، لە ژێر کاریگەریەتی وێنە و دەربڕینی شاعیرێکی دیکە دەنووسێت، بێگومان دەبێتە شاعیرێکی کۆپیکەر نەك جیاوازنووس.ئەوە بۆیە لە ئەزموونی شیعری کوردیدا بە گشتی تەنها یەك(نالی)ویەك(گۆران) هەن، چونکە ئەوان توانییان لە سەرەتاوە لە بازنەی باو دەرچن و ببنە خاوەن ئەزموونی شیعری خۆیان. لەگەڵ گۆراندا، چەند شاعیرێکی دیکەی هاوسەردەمی ئەو هەن، وەلێ بۆچی بە تەنها گۆران دەمێنێتەوە؟ چونکە تەنها ئەو توانی مەودایەك لە نێوان ئەزموونی خۆی و بەر لە خۆی دروست بکات. پەندێك هەیە دەڵێت:_(سوارێك بە تەنها تۆز ناکات). بەڵام گۆران ئەو سوارەبوو، کە بە تەنها گەردەلوولێکی نایەوە کە هەمووان نغرێ بکات.ئەو جیاواز کەوتنەوەی گۆران، سەرەتا لە سەر ئاستی زمان، بەو پێی کۆتایی بە نووسینی شیعر لە سەر شێوازی کلاسیك هێنا، دواتریش بە گوتارێکی دیکەی جیاوازی شیعری دەستی پێکرد. بۆیە زمان یەکێکە لە هەگەزە سەرەکییەکانی جیاواز کەوتنەوەی شیعری لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکیشەوە.بۆیە کاتێ شاعیرێك ناتوانێت لە ئەزموونی زمانی باو دەرچێت وهەر تەنها بە دەوری ئەو زمانە و وشە سواوەکانی دەخولێتەوە، ئیدی ناتوانێت دەقێکی شیعری جیاواز بنووسێت، تەنانەت ئەگەر پەنجا ساڵیش بێت شیعر بنووسێت. لەو ڕوانەدا، شیعرێکی(موحسین ئاوارە)م لە هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان) خوێندەوە.ئاوارە، کە ئەگەر هەڵە نەبم پەنجا ساڵە شیعر دەنووسێت، کەچی لەو دەقەیدا وەك شاعیرێکی سادە نووسی تازە و گەنج

دەردەکەوێت، کە شیعر بێ هەشتی ماس و زلف و ئەگریجە و لەنجەولارو جەستەی ژن دەنووسێت!.وەك خوێنەرێك دەکرێ بپرسین، کاتێ شاعیرێك دوای پەنجا ساڵ، دنیابینی هێندە سادە دەبێتەوە، کە وەك گەنجێکی تازە نووس شیعر بنووسێت، چ ئاماژەیەك دەگەیەنێت. بێگومان ئەمە تەنها یەك ئاماژە دەگەیەنێت، ئەویش نەمانی توانای شیعریی و خێنوێ کردنەوەی شیعرییە. دەنا چۆن دەبێت شاعیرێك دوای پێنج دەیە لە شیعر نووسین، تازە باسی(پرچ و پەرچەم و ئارایشتگاوتیلەی چاو و سەرهەبێین وتەلاق و شەقی ژن) بکات، کە دەیان ساڵە هەمووان باسی دەکەن و دووبارە و هەزار بارەی دەکەنەوە؟!. شاعیری جیاوازنووس، فێکسی لە سەرشتە سواوەکان نییە، بەڵکو بە قووڵایی هەموو شتێکدا دەچێتە خوار کە پەیان پێ نەبردراوە.شاعیر دەبێ پرسیاری گەورە بکات و خوێنەر ڕابگرێت، نەك شیعری ئاسانسی هاوشێوەی ئەو گەنجانە بنووسێت، کە شێت و شەیدای بینینی کچێکی جوانن. بێگومان کاتێ هەگبەی شاعیر بە تاڵ دەبێت، ئیدی شیعریش دەکەوێتە خولانەوە بە دەوری خولگەیەکی سواو.ئەزموونی شیعری، ئەزموونێکە بە ئاراستەی نوێتر لە گۆڕان دایە.بەڵام کاتێ شاعیرێك ناتوانێ ئەو ئەزموونە جیاواز بکاتەوەو زمانێکی نوێ بونیاد بنێت، بێگومان، ئەزموونەکە دەوەستێت، یاخود بێ دواوە دەگەڕێتەوە.

_____

**پەراوێزەکان:**

*شیعری داستان بارزان ، لە کۆمەڵە شیعری ئەستێرەکان بریتی مرۆڤن.

** شیعری حوسێن لەتیف، پاشکۆی زەمەنی کلتوور، ژمارە(38) لە 11/3/2020.

*** ئەفسونی مەرگ، شیعری ژیار ئەسوەد، ماڵپەڕی ژیان، بەشی هەنگدان.

**** ئەو شیعرەی سەباح هەنجدەرم لە یەکێ لە دیوانەکانیدا کەوتێتە بەرچاو کە وابزانم لە دیوانی(سی ساڵ) شعردایە.

* ئەو شیعرەی موحسین ئاوارە، لە ڕۆژنامەی(ڕۆگای کوردستان)ژمارە(1211) لە ڕۆژی 10/3/2020بڵاوکراوەتەوە.

# دەزانم کێندەرم دەشی کاتێ باسی ھەمـــــان دەکەم -1- د. گەران سەباح

**بەشی یەکەم**

ھەمانی مەدەرن ھەردەم لە گۆشەکردن دایە. ئەی ھەمانی پەستەدەرن و مەتامەدەرن؟ ھەر نایەتە باس، گۆشەی ئەمانە خەراترە. گەلانی دنیا لە سەرەتای سەدەی بیست بەنداوی ھەمانی کلاسیکیان شکاند، کورد نەبە خەریکە لە بەنداوەکەدا دەخنکێت. لە فەزای ئەدەبی گەلاندا، ھەمان لک و پەپی دەرکرد و دەیان ژانری لە زا. فەزاکە زەر لەوە فروانترە بە کتێبێک و دووان و دەیان ھووماە بکرێت. کوردیش تەنە کلاسیک بە ھەمان دەزانێت.

بە ھیچ جۆرێک کلاسیک نێت ناکەموە، چونکە کلاسیک منداڵدانێ بە ھەموو ژانرەکانی ئەدەب، بەڵام خولانەوە لە بازنەی کلاسیک واتە پێشنەکەوتن. بواری سەرەکی (مەیجەر) دکتەراکەم لە زانکەی کانزەس لە ئەمریکا لە ھەژنامەوانی بوو، بەڵام بواری لاوەکی (ماینەر) لەسەر نوسینی (فیکشن) ھەمان بوو. کلاس نەبوو زگم بە ئەدەبی خەمان نەسووتە. وای خەفەتم لە خواردووە. لە ناخەوە دەگریام بە ھەژاریمان لە ھەمان، جۆرەکانی، ژانرەکانی، تەکنیک و گرێ و تەماکانی، زمان ھەر ھیچ. تەماشاکە، مەنھەجی خوێندنمان ھەر کلاسیکە، سیستمی حوکمڕانیمان ھەر کلاسیکە، سیستمی ئیداری و دارایی و بانکی و ڕامیاریمان ھەر کلاسیکە. دەبە ئەدەب، لە ئەدەبیش، دەبە ھەمان ئەم ھەچە بشکێنێت.

با واز لە نووزە و گلەییان بێنم، کاتی کارکردنە. گرنگ ئەم پرسیارەیە: دەتوانم چی بکەم و چیم پێ دەکرێ؟ ھەنگە شتێک بە شتێک بکەین ئەگەر ھەمانەوسانی کورد ھەمان پرسیار لە خۆیان بکەن. ھەموومان دەزانین ھەوشی ھەمان چەنە، جا لە باتی دەردەدە، با قسە و باسکی لە ھەکەین.

لە زنجیرە باسکدا، ھەوە دەدەم باسی ھەمانی سەردەمی مەتامەدەرن بکەم، نموونەشیان بە بهێنمەوە. لەم باسدا، ھەمانی خەیاڵی زانستی دەناسێنم، بە کورتکردنەوە پێی دەڵێم (خەز)، ئینگلیز بەکورتی پێی

دەبێت سایفای یان ئەف. خەڵکی دەڤەن لەم سەردەمی کەناو و بە مووچەیەدا چیت داوە لە هەمان، ئەوجە هەمانی خەیاڵی زانستیش. پەم وایە کەمی هەمان و نەبوونی خوێندەری هەمان لە نەو کوردانداە، کوردی بەم هەژە گیاندووە. هەمان بەرزترین فەرمی ئەدەبە، پەوەرە بە پشکەوتن و هەشنبیری گەلان. دەسەڵات و هەشنبیری گەندەڵی کورد بە پلان هەمانی کوردیان ناشت، بە ئەوەی گەل پشنکەوێت. بەرپرسانی کورد چاویان دێتە دەرە کاتە گەنجێک دەبینن بە هەماناوە. ئەو دەمەی گەلی کورد هەمانی دەخوێندەوە، پشکەوتوو بوو، هەرچەندە کتێب زەر کەم بوو. بیرتە نوسخەیەکی هەمان لە گەڵکدا ئەو دەست و دەستی دەکرد؟ کون بە کون، خوێنەر بە دوای کتێبدا دەگەڵا؟ ئا، ئەو سەردەمە تاکی کورد ئینتیمای هەبوو، ژیر بوو، تێگەیشتوو بوو. ئەدی ئەستە؟ لێگەڵێ با ناخم هەنەژم.
خەز خەیاڵە سەبارەت بە چەمک و بیرکەی داهاتوو لە بواری زانست، تەکنەلۆژیا، بشایی ئاسمان، گەردوون

فەر نابێت. لە دیمانەیەکیدا، ئەباما دەڵێت، "من زەر شت لە هەمان فەر دەبم." پرسیار ئەوەیە: ئەمە چی لە هەمانی کوردی فەر دەبین؟

**مەژووەکی کورت**

کە یەکەم خەزی نوسیوە؟ کام هەمان یەکەم خەز بووە؟ ئەمانە مایەی مشتومڕن. توێژەران کەک نین. هەندێ پێیان وایە "ترو ستۆری"یەکەی لوسیان لە چاخی کۆن یەکەم خەز بێت (فرێدریک، ١٩٧٦؛ گۆن، ١٩٨٨). ئەروین (٢٠٠٣) پێی وایە هەندێ چیرۆکی ناو هەزار و یەک شەوەی عەرەبی، چیرۆکی "بەوەی داری بامبو" لە سەدەی دە و "الرسالە الکاملە"ی سەدەی سێزدەی ئیبن نەفیس توخمی خەزیان تێدایە.
لە سەردەمی شەشی زانستی و هەشتگەریدا، ئیساق و کارل "سەمنیەم"ی جەهانس کێپلەر (١٦٣٤) بە یەکەم خەز دادەنێن. هەمانکە باسی گەشتێک دەکات بۆ سەر مانگ، چۆن لەوەوە زەوی دەجوڵێت (ئیساق، ١٩٧٧).
دوای گەشەسەندنی هەمان لە سەدەی هەژدەدا، "فانکستاین" و "زۆ لاست مان"ی مەری شێلی بە یەکەم خەز دادەنرێن (ئالدریس، ٢٠٠١). چەند چیرۆکێکی ئێدگار ئالان پۆ توخمی خەزیان تێدایە. کارەکانی ئولڤس ڤێرنێ بە خەزی ورد و تەر دادەنرێن، لەوانەش "بیست هەزار سوپا لە ژێر دەریا" (١٨٧٠). ئولڤس بە دروستکەری خەز حسێب دەکرێت.
هەندێ "کەمیکەل وەدینگ"ی جۆن ڤالەنتاین ئەندریا (١٦١٦) بە یەکەم خەز دادەنێن، یان "یوتۆپیا"ی تۆماس مەر (١٥١٦). بەڵام ئادەم ڕۆبەرتس، خەزنوس و مامۆستای زانکۆ، پێی وایە ئەمانە سیحر و فەنتازیا و نازانستین. توێژەران هەرچی پێش "فانکستاین"ی شێلی نوسراوە بە نیوچە خەز دەیانخوێننەوە. زۆریان کۆکن لەسەر "فانکستاین" وەک یەکەم خەز (کەووک و ئەوانی تر، ٢٠٠٢).
زۆر لە هەخنەگران ئێچ جی وێلز بە شکسپیری خەز دادەنێن. هەندێکی تر بە باوکی خەز ناوی دەهێنن. هەندێ لە کارەکانی ئەمانێن: مەکینەی کات (١٨٩٥)، دووڕگەی دکتەر مۆرۆ (١٨٩٦)، پیاوی نادیار (١٨٩٧) و جەنگی جیهانەکان (١٨٩٨)، باسیان لە داگیرکردنی زەوی لەلایەن خەڵکی هەسارەی تر، لە ونبوون و پێش و پاشی کات دەکرد.
ئەمانەش بە خەزی ڕۆژی سەدەی بیست دادەنرێن: "جیهانی نوێ و ئازا"ی ئالدەس هیوکسلی (١٩٣٢)، یەکێک لە گرنگترین هەمانەکانی ئینگلتەرا. هەندێ هەمانی کەرت ڤاناگەت، "فەهرنایت ٤٥١"ی ڕەی برادبەری، "کۆتایی منداڵی"ی ئارسەر سی کلارک. "کلاود ئەتلەس"ی دەیڤد میشێل، "جیهانی هەیشتوو"ی نیک هارکاوی (٢٠٠٨ )، "خواوەندە بەردینەکان"ی جەنێت وینتەرسۆن (٢٠٠٧). چاکترین خەزنوس ئیساق

ئاسیمۆڤ، لە ماوەی چل ساڵ کارکردنیدا، ٥٠٠ کتێبی نوسی و ئێدیت کرد. ئیساق بە یەکەم جار ڕۆبۆتی هێنایە ناو دنیای خەز.
خەز لە سەرەتای سەدەی بیست پەرەی زیاتری پێ درا. گۆشەی خەرای زانست و تەکنەلۆژیا (خەز)ی خەرا بردە پێشەوە. لە ١٩٢٦، هیگێ گیرمسباک یەکەم گۆڤاری تایبەت بە چیڕۆکێیلی خەزی دانا بە ناوی ئەمەیزینگ ستەری، ئێستە چەندان خڕاتی شایستە هەن بە چیڕۆکی خەز، لەوانەش خڕاتی هیوگۆی ئێدێبی.

## ژانر و تەماکانی خەز

تەماکانی خەز لە سەدەی بیست و بیست یەکدا ئەمانەن: پرسی ژینگە، کەمپیوتەر و ئینتەرنێت، فراوانبوونی گەردوون، بایۆتەکنەلۆژیا، نانۆتەکنەلۆژیا، کەمەگەی نوێ. ڕۆبۆت، مرۆڤی دەسکرد، کۆپیکردنی مرۆڤ، زیرەکی دەسکرد و ململانێیان لەگەڵ مرۆڤ. داهاتوو، بۆشایی ئاسمان، مرۆڤی سەیر و بێگانە، سیستەمی سیاسی نوێ و جیاواز، تەلەپەرتەیشن، خەراتر لە ڕووناکی.
خەز لەم دوو دەیەی کۆتاییدا ژانری تری لە بووتەوە. ستیمپەنک، باس لە تەکنەلۆژیا و هونەری دیزاین و دیکەر دەکات. بایۆپەنک، لە سایبەرپەنکەوە هاتووە، باس لە بایۆتەکنەلۆژیا و بایۆهاکەرکان دەکات. ژانری "مەندین" باس لە زەوی و هەسارەکانی دەوری خەر دەکەن، چەن پەیوەندی دەکەن بە مرۆڤی سەر هەسارەی تر.
ژانرەکانی تر ئەمانەن: سەربازی، فەمینیستی، ژینگەیی، بۆشایی ئاسمان، ترس، سوپەرپاڕەوان، توخمی فەنتازیاشی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن.
خەزی فەمینیستی باس لە پرسی کەمەایەتی و ڕەگەزی جێندەر و نایەکسانی جێندەری دەکات. خەزی ژینگەیی باس لە گەرمبوونی زەوی و گەڕانی کەشوهەوا دەکات، ئێستە گەلێ زانکۆ ئەم جۆرە ڕۆمانانە دەخوێنن.
خەزی سیاسی وەک "١٩٨٤"ی جۆرج ئۆروێل، جۆری دیستۆپیایە، لە دژی حکومەت و دەسەڵاتی تۆتالیتارە. فیلمی "ئۆڤتار"ی جەیمس کامیرۆن لە دژی ئیمپریالیزمە، دژی داگیرکاریی ئەمریکی و ئەوروپییە.
هەندێ پێیان وایە خەز کار لە ژیان و کەمەلگە دەکات، وەک کارەکانی ئارسەر سی کلارک و ستار تڕەک. دەزگەی زانستی نیشتمانیی ئەمریکی ڕاپرسییەکی کرد (٢٠٠١) لەسەر ئەوانەی خەز دەخوێننەوە. دەرکەوت خەز زیاتر هانی خوێنەر دەدات کاری زانستی بخوێننەوە. کارل ساگان دەڵێت خەز کار لە ئێستەرناسان دەکات، بیرکەی باشیان پێ دەدات بە توژینەوە. ئەگەر بڕو زاناکان لە ساڵی ١٩٨١دا ڕۆمانی "ز دارک ئایس"ی دین کوونتزیان بە هەند وەرگرتبا، دەمەک بوو چارسەریان بە

ڤایرەسی کەنا دەزیبووەو. ەمانەکە باس لە ڤایرەسێک دەکات بە ناوی (یوهان-٤٠٠)، زەر بە کەنای خەمان دەچێت.
لە سەردەمی زیرەکی دەسکرد و سکرین و زانستی تەکنەلەژیدا، ناکرێ خەزت نەبێت. هەرچەندە دوو سێ هەوە هەبووە، بەڵام بەس نین. یەکەم ەمانم بە ناوی "شاخونبەری سەرکردە" لە ٢٠٠٢دا نوسی، لە دوو نەرەی چاپدا نزیکەی پێنج هەزار دانەی لە فرۆشرا. ەمانەکە فەنتازیایە، بەڵام گەلێ توخمی خەزی تێدایە. کەواتە خوێنەر تام لە خەز دەکات. ئێستە، دوای توژینەوە و خوێندنەوەیەکی زەری زانستی و تەکنەلەژی و گەردوونی، ەمانەکی خەیاڵی زانستیم بەمزووانە ئامادە دەبێت بۆ چاپ. با بزانین چۆن پێشوازی لی دەکرێت.

**د. گەران سەباح**

---

**سەرچاوەکان:**


Asimov, "How Easy to See the Future", Natural History, 1975.
Crook, Nora, Gen. Ed. Mary Shelley's Literary Lives and Other Works. 4 vol. London: Pickering and Chatto, 2002.
Gunn, James E., The New Encyclopedia of Science Fiction, Viking, 1988,p. 249, calls it "Proto-Science Fiction."
Fredericks, S.C.: "Lucian's True History as SF", Science Fiction Studies, Vol. 3, No. 1 (March 1976), pp. 49–60
Heinlein, Robert A.; Cyril Kornbluth; Alfred Bester; Robert Bloch (1959). The Science Fiction Novel: Imagination and Social Criticism. University of Chicago: Advent Publishers.
Irwin, Robert (2003). The Arabian Nights: A Companion. . pp. 209–13.
Marg Gilks; Paula Fleming & Moira Allen (2003). "Science Fiction: The Literature of Ideas". WritingWorld.com.
Prucher, Jeff (ed.). Brave New Words. The Oxford Dictionary of Science Fiction (Oxford University Press, 2007) page 179.
Von Thorn, Alexander (August 2002). "Aurora Award acceptance speech". Calgary, Alberta.
Wingrove, Aldriss (2001). Billion Year Spree: The History of Science Fiction (1973) Revised and expanded as Trillion Year Spree (with David Wingrove)(1986). New York: House of Stratus.

# کتێبی (دەرگای بەختەوەری ووی لە دەروێ) بە ئاوەدەکرێتەوە کتێبێک سەبارەت بە فەلسەفەی کیەرکەگارد

بەاوکراوەکانی نووسیار بەمزوانە کتێبی (دەرگای بەختەوەری ووی لە دەروێ) سەبارەت بە فەلسەفەی سەرن کیەرکەگارد چاپ و بڵاودەکاتەوە. ئەم کتێبە لە لایەن ئالان پیری کاری ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە بۆ کراوە.

**لەبارەی ئەم کتێبە ئالان پیری دەڵێت:**
لەیەکەم سالانی هاتنم بۆ دانیمارک هاوڕێی خوێندەواری سەرن کیەرکەگاردم دا بەنام ئەو کات کەمزانینی زمانی دانیمارکی تاکە هەکار بوو بۆ ئەوەی زیاتر هاوبەدەم فەری زمانی دانیمارکی بم تاکو لە دنیابینی و هوانگەی ئەم نووسەرە دگەمەن بگەم. ئێستا لەو قسە ناودارەی خەڵکانی دانیمارک دگەم کاتێک دەڵێن: "خەڵکانی تری گەی زەوی بە مەبەست دەنە دانیمارک بۆ ئەوەی فەری زمانی دانیمارکی ببن تا بتوانن سەرن کیەرکەگارد بۆ دانیمارکی بخوێننەوە". بەڵێ ئەمە ئەو پەیی ڕاستییە، ئەگەر بوار هەبێت ئەوا کیەرکەگارد هەر بۆ زمانی دانیمارکی هەستێکی فراوان و پر چێژی قوبوونەوە لە ژیان و مینەتی و بوون دەدات. کیەرکەگارد زمانێکی ئێجگار قورس و قوڵی هەیە، ڕاتدەچەکێنێت، وات لەدەکات بەدوایدا بگەیت، وات لە دەکات فەری زمانەکەی بیت. بۆ من کات بەسەر بردن لەگەڵ جیهان و نووسینەکانی کیەرکەگارد ئاسوودەیی دەروونیی و چێژی تایبەتیم پەدەبەخسێت. ئەمە خەون و هەوەسکی منە بۆ ئەوەی خوێنەری کورد لەم چێژ و دونیا فراوان و دیدە قورسە بۆ بەش نەکەم.
ئەم کتێبە بەرهەمی چەندین ساڵی گەڕان و خولیای کات تەرخانکردنە بۆ کارەکانی کیەرکەگارد و وەک پەژەیەکی درێژخایەن دەبینرێت بۆ کارکردن لە وەرگێڕانی کتێبەکانی تری. ئەم کتێبە دەروازەیەک و تیشکخستنە سەر زیاتر ناسینی فەلسەفەی کیەرکەگاردە بگشتی. لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باس لە چەنتی ژیان و هوانبێژی و

تێگەیشتنەکانی بۆ ئایین و هۆشت و کۆمەڵگە و سیاسەت دەکرێت، لە بەشی دووەمدا گرنگترین چەمکە دیارەکانی بۆ زمانەکی ئاسان شی کراونەتەوە و لە بەشی سێهەمدا پایەکانی دەزینەوە لە خۆ دەگرێت و لە بەشی چوارەمدا هەڵبژاردەیەکی فراوان لە وتە دەریەن و ناودارەکانی کیەکگەرد وەرگێڕاون، کە دەکرێت لە ژیانی ڕۆژانە و لە کاری کارگێڕیی و بۆوا بۆ خوێندنەوە بکار بهێنرێن. لە کۆتا بەشدا کاروانی پێ بەرهەم و ژیانی کیەکگەر بۆ پێی ساڵ ئامادەکراوە.

**پێڕەگرافیک لە کتێبەکە:**
"مرۆڤ کاتێک سەیری خۆی لە ئاوێنەیەکدا دەکات خۆی نابینێت، بەڵکو مرۆڤێکی تر دەبینێت. هەر بۆیە لەسەرەتای دروستبوونیەوە، مرۆڤ بەدحاڵ و نیگەرانە، چونکە لە گیاندارەکانی تر ناچێت، بەڵکو لە مرۆڤ دەچێت. تەنیا مرۆڤیش نییە، بەڵکو شتەکانی تری مرۆڤبوونیشە و دەبێت خۆی بێت. لەبەرەدا، ئەرکەکە بۆ مرۆڤ قورستر دەبێت. "مرۆڤبوون خۆی لە خۆیدا ئەرکە، ئەو کاتەی مرۆڤ ناگاتە ئاستی ئەرکەکەی، تووشی بەدحاڵی و پەرتەوازەبوون دەبێت و لە نێو گرمەی خۆیدا چەق دەبەستێت. هەر بۆیە دەبێت بۆ بژاردەکانی تری ژیان بگەڕێتەوە." "

ئالان پاری: شاعیر و وەرگێڕ، لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. بەهەرسە زمانی کوردی و عەرەبی و دانیمارکی شیعر دەنوسە و کاری وەرگێڕانی ئەدەبی لە دانیمارکیەوە بۆ کوردی دەکات . ئەندامی کارای Danish PEN.لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان و دانیمارک شیعر و نوسین و کاری وەرگێڕانی خۆی بڵاودەکاتەوە. خاوەنی چوار کتێبە لە شیعر و وەرگێڕان. (سەراپام خوونە شیعر ٢٠٠٩) (شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە-نیلس هاو، وەرگێڕان٢٠١٦ ) (جەنگاوەرەکان پیشەیان مردنە – شیعر ٢٠١٩) (شاعیرەکان – پایک مالینەڤسکی، شیعر، وەرگێڕان ٢٠١٩ ) ئەندامی دەستەی وەرگێڕانی پرۆژەی شیعری نوێی کوردی بۆ زمانی دانیمارکییە و لە ئایندەیەکی نزیکدا گەورەترین ئەنتەلۆجیای شیعری کوردی بۆ زمانی دانیمارکی بڵاو دەکرێتەوە. ئێستا نیشتەجێی وڵاتی دانیمارکە.

# □□مانی (زمان پایسکلۆکی شکاو لێدخوێت) بڵاوەکرێتەوە

بڵاوکراوەکانی نووسیار لە وەرزی نوێی کتێبکانیدا بەمزوانە □□مانی (زمان پایسکلۆکی شکاو لێدخوێت) لە نووسینی (□□بین خدر) چاپ و بڵاوەکاتەوە.

**لەبارەی ئەم □□مانە □□بین خدر دەڵێت:**

‘□□مانەکەم تێواو بۆ چاوە نووسیوە کە من خۆم دنیا و بۆتایبەت کەمەگەی کوردی پێ دەبینم. بۆیام نەک بۆ جۆرێی چاو و ڕوانین لە کارکتەرانی □□مانەکە وەربگرمەوە، نا، مەبەستم لە شێوازە. □□نگە ڕووداوەکان و وێنەکان هەگبەاوە و سوریال، هەروا هەندێک جار ترسناکیش دەرکەون یا نامە. یەکەم جارە بەم شێوازە دەگەمەوە. کەمەگەک فێ و تەکنیک و هێ و □□نگم لە دنیای شیعری خۆم قەرز کردوون، چونکە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی □□مانەکە وەک لە ناونیشانەکە دەیبینن، زمانە. واتە گەمەکردن لەگەڵ زمان یان سەرکەشیی کردن لەگەڵ زمان.

یەکەمجار بیرکەی □□مانەکەم لە گۆستانی ‘جەنگاوەرانی جەنگ’ی شاری شتادە ی ئەمانیا بە خەیاڵدا هات. کەمەگەی کوردیی و ژیانی خۆم لە کوردستان بە شێپڵ هاتنە ناو سەر. ستەی یەکەمم لەسەر کاغەزێک نووسی و ئاوا. ئاوا جیهانێکی دیستۆپی و بەسەریەکدادراو هەقوڵا و کارکتەران دەربوونەوە. ڕووداوەکان لە دوای □□اپێین ڕووددان و بەشی زۆری لە دوای دووهەزار تا دەگاتە ئێستا. ‘

**پەرەگرافیک لە ڕەمانەکە:**

”دووبارە ماڵەکەمان بە سەبەر دادەپشرێت. تەپڵ تەپیش دنیا خراپ دەکات. باڵندەکان لەڕە و لەوە دەردەپڕن. پەلەک باڵندە دەبینم، هەرگیز لەو دەروبەرە نەمبینیون. هەندێک عەلاگەی بەتاڵیش لەگەڵ باڵندەکان بەرز دەبنەوە. خەیان لەگەڵیان دەگونجێنن. گەر تەزەکتریش زیندوو بن، دەتوانن لەگەڵیان بڕنە هەلانەکانیانەوە و ئەوەی ماوە لە ژیانیان وەک باڵندە بژین. فریشتەیەکی □□شی بچکۆلەش لە گەڵی داپیرەم سەری دەرهێناوە و دەڵێوانێتە ئەو سەرە زبەلاح و ئاسمانخەرە. سەرەکە تەواوی ئاسمانی داگرتووە و لووتی وەک باڵەنکی گەورە شێوەتەوە. هەوای لووتی لەوەدایە درەختەکان لە □□گەوە هەڵقەنێت. ئەمجارە یەکێک و دووان نین. مەندیل دەبینرێن و چاویلکە لە چاوی بەینباخ لەملیش . هەندێکیان بچووکترن. دەنگی کچە

مردووەکەیە، بانگی من دەکات :
-ئارەزوو خان!
دەموەت وەڵامی بدەموە :

- ئارەزووەم چیتر ئارەزوو نەبم، نامەوێت ئارەزووی کەس بم! ” ببینین خدر ؛ شاعیر و ڕەمانووس، لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەردوگەی پیرزین لە نزیک هەولێر لەدایکبووە. کۆڵێژی زمان، بەشی کوردی تەواو کردووە. یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەی شیعرێک بووە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە گۆڤاری ئایینەدە. لەو کاتەوە لە گەڵک گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی شیعر و چیرۆک، شانۆنامە و وتاری بڵاو کردوونەتەوە. هەندێک لە نووسەر و ڕەخنەگران بە دەنگێکی تازە و کاریگەری ئەو نەوەیەی دوای ڕاپەڕینیان لە قەڵەمدا. ساڵی ٢٠١٢ یەکەم کتێبی شیعریی خۆی بە ناونیشانی “بە ١٤ ڕێگادا” و ساڵی ٢٠١٣ ڕەمانی “باڵندێک لە ئاسمانی سووردا” بڵاوکردەتەوە. ژمارەیەک لە شیعرەکانی کراون بە ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی. چەند چیرۆکێکی بە ئەڵمانی بڵاو کردوونەتەوە. ئێستا نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە.

---

# دەسپێی گۆڤاری کۆنتێکست لەسەر نووسەر سەباح ڕەنجدەر

بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئەربکەن .....



---

# نەخشی مالیخولیا (دەتەنگی یان هەشبینی) ... ئامادەکردنی : حەسەن نادر (حسو)

وێنەیەکی مالیخولیایی

ئەم جورە نەخشییە نیشانەکانی زۆرن، لەوانەش خەموکی و بێزاری و کەم خواردن و کەم خەوی، واتە کەسەکە مەیلی بە هیچ شتێک ناچێت، هەمیشە لە شتێک بێزارە، یان ئەوەتا خەی بە سەبەبی هەموو خراپەکانی دونیا دەزانێت، نیشانەکانی ئەم نەخشییە لەسەدەکانی پێنجەم پێش زایین، لەلایەن دکتوری(حەکیمی) گەورە "بوقرات" بەدەرکەوتن زۆرێک لە پسپۆران و شارەزایان، هەشتا دەنیانین لە پەیدابوونی نیشانەکانی ئەم نەخشییە، بەڵام ئەوەی دیارە لە ڕۆگەی کەسە نزیکەکانەوە دەگوازرێتەوە، یان ئەوەتا لە دایک و باوک بە منداڵەکەی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی زۆر لەسەری کوکن ئەوەیە پەیدابوونی لە ڕۆگەی مەشک و هورمونەکانەوە پەیدا دەبێت، زۆرجار کەسەکە دەچێت بە دکتۆر، دکتۆر ئەم پرسیارانەی لە دەکات:

ئایا کەم دەخەویت؟

ئایا خواردن کەم دەخویت؟

ئایا کەشت هەیە لەگەڵ خەوتنی بەیانیان؟

ئایا هەشتا حەز بەکارەکانی پێشوو ترت دەکەیت؟

ئایا ناتوانی بە شێوەیەکی گشتی کونتڕۆڵی کارەکانت بکەیت؟



بەگومان زۆرێک لە دکتورەکان ئاستگوو نین لەگەڵ نەخۆشەکانیان یان ئەوەتا پارەیەکی زۆری لە وەردەگرن یان ئەوەتا پێی دەڵێت چەند جارێکی تر دەبێت سەردانی من بکەیت، بەم جورەش دەرمانێکی زۆر بە نەخۆش دەنووسێت و نەخۆشەکە چارەسەری نابێت، هەندێکیشان ناچارن هەگبەی ماددە هەشبەرەکان بکاردەنن ئەمەش، ئارامیان دەکاتەوە بەڵام بەشەویەکی کاتی، بەبێ دوای چەند ساڵێک نیشانە و خراپەکانی بەدیار دەکەون.

هەندێکجاریش لە یەکەم نیگایی دکتورەکان بە نەخۆشەکە بەدیار دەکەوێت، یەکێک لەو نیشانانەش کە زۆر باوە و بەئاسانی دەکرێت ببینرێت، ئەویش جولاندنی دەست و پەنجەکان و یان شوێنی تر، کە ناتوانێت بە ماوەیەکی دیاریکراو بیوەستێنێت، لە هەندێک نەخۆشی تر زۆر خەوتن بەدیار بکەوێت، واتە کەسەکە توانایی گیانی لاواز دەبێت و بە شەویەکی زۆر دەخەوێت.



بەڵام ئەوەی پەیوستە بەم ئەوپەڕ زەرجار ئەم نیشانانە لە کەسەکان بدیار دەکەون بەڵام چۆن؟
نیشانەکان ئەوانەن:

- کەسەکە خواردنی دەگوڕێت.
- یان مەیلی بە شتەکانی پشوو نامێنێت.
- یان شتەکانی لەبیردەچێت.
- یان بە ئومێد دەبێت لە شتەکان.
- یان وا هەست دەکات کەسێکی پاشکەوتووە.
- یان ماندووبوونێکی زۆر پەڕە دیارە.
- یان کەم خەوی کە ئاماژەم پێدا.
- هەندە جاریش کەسەکە ڕەگەی خەکوشتن دەگرێتە بەر.

دەکرێت لە ڕەگەی دەرماندە نەخۆشەکان لەی دوور بکرێنەوە بەڵام وا باشترە لە ڕەگەیی تریش ئەنجامبدرێت، واتە بە ڕەگەی چارەسەری شتی تر وەک یاری یان خەزان پێکهێنان یان گەشت کردن بە وەاتان و خوێندنەوە و وەرزش کردن و هتاد... واتە هەر شتێک بتوانێت کات بەسەر ببات بە ڕەگەری لێکردن و لەبیر چوونەوەی نەخۆش.

ئامادەکردنی : حەسەن نادر (حسو)
Facebook: Hosein Nadr
Instagram: hichkac

---

# کتێب: دانپیانانی کوژراوێک … نووسینی: هێرش رەسوڵ

ناوی کتێب: دانپیانانی کوژراوێک
بابەت: کۆ چیرۆك
نووسینی: هێرش رەسوڵ
تایپ: نووسەر
دیزاینی ناوەرۆك: محەمەد بابێی
چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
شوێنی چاپ: سلێمانی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ….

---

# ئەی ئومێدی پیرۆزی من … عاتیفەیێ گورگین …. و : نەژاد عزیز سورمێ

چاوم پێن لە وێرانەی شارە دێرینەکان
شاری نێوان ێووتیی و

کاولگەی بەردین ..
وەك کەزیە ەشەکانم تاریك ..
ئەوەتان لە بەرابەری مندا
خەو بردوونیەتەوە ..

( بچی لە ئاست هزی یەکگرتنی مندا
نابووت دەبی ) و
بەو ئاسانییە ،
من دەدەیتە دەستی باید
لە خیانەتکاریی خەوەوە د ؟
ئاس لە نو چاوەکانمدا پا کەوتووە ..
هەرچی بخوازم دەستی دەخەم ..
من ب ئاسیش ، دەوانمە ت

ئەم ووبارە
ئەم ژانەم
سنووری چیرکە کلم دراوەکان نازانن ..
چاوت پ بوون .. لیان دەژ !

کات سەرپەنجە ناسکەکانی ت
نەشونمای کەزییەکانم دەخەونن
من دیماهی ت
لە بروسکەی هەر نیگایەکتا ، ت دەگەم
کات تم ،
ئا لەو سپدە کپە دیت
یەک لە دەروونی مندا
هاواری ل هەستا
تگەیشتم ، بجگە لە ت
ئەمن تاوم بە هیچی دی ل هەنای ..

ئەوەتا لە پشت پەنجەرەوە
یەک بانگم دەکا ..
بینیم تی ، بە دەستی زبرەوە
لە سپدەوە دی ..
وەستام و
دەستەکانم وا کردن .

-_____

- له ( راهیان شعر امروز ) ی داریوش شاهین – لاپەڕە 309 کراوە بە کوردی .

---

# تاقیکردنەوەی ئۆنلاین … محمد احمد محمد

تاقیکردنەوە پرسەیەکە بۆ هەڵسەنگاندنی سیفەت و تواناکان لە بوارێکی دیاریکراودا، گرنگی تاقیکردنەوە بە شێوەیەکی گشتی لەوەدایە کە لە پرسەی پێوانە بەکاردێت، پێوانە بە واتای گۆڕینی سیفەتەکان بۆ ژمارە، بە گۆڕینی ئەو سیفەتانەش ئاسانتر دەتوانرێت مامەڵیان لەگەڵدا بکرێت بۆ هەڵسەنگاندنی تاکەکان، لە رووبەکی تریشەوە تاقیکردنەوە سیفەتێکی فەرمی بە فەربوون دەبەخشێت، واتا فەربوون هیچ بەهایەکی فەرمی نابێت گەر تاقیکردنەوە نەبێت کە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بەخشینی بڕوانامە بە دەرچووان.
لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خوێندن ئۆنلاین پێویست بوو تاقیکردنەوەی ئۆنلاینیش بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکرێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بەم سیستەمە دەخوێنن.
ئێستا لە جیهاندا تاقیکردنەوەی ئۆنلاین بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکاردەهێنرێت لە بواری راهێنان و پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا،سااڵنە هەزارن داواکار لە هەموو وڵاتانی ئەم جیهانە بەرینە تاقیکردنەوەکانی زمانی ئینگلیزی، تۆیفل و ئایێتز و پێرسن ئەنجام ئەدەن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی زمانی ئینگلیزی نوودەوڵەتی باوەڕپێکراو،ئەم تاقیکردنەوانە بە شێوەیەکی تەواو بە ئۆنلاین ئەنجام دەدرێت بەاڵم لە ژێر کۆنتڕۆڵی لایەنی پەیوەندیدار کە ڕێ و شوێنی توند تیایدا بەکاردەهێنرێت و چاودێری تایبەتی بۆ دادەنرێت.
ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئۆنلاین کارێکی ئاسان نییە، پێویستی بە ئامادەکاری وردە هەیە بۆ ئەوەی بەڕێوەببرێت و سەرکەوتوو بێت، گەورترین بەربەستی بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە لە وڵاتی خۆمان بریتییە لە کێشەی بینی کارەبا و نەبوون یان لاوازی هێڵی ئینتەرنێت لای بەشێك لە خوێندکاران و لاوازی توانای بەشێك لە خوێندکاران لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ترس و ڕانەهاتنی بەشێکی تریان لەگەڵ ئەم شێوازەی کە بەلایانەوە نوێیە و ئەزموونیان لێی

نییە.
هەروەها یەکێك لە ئاڵنگارییەکانی ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە گزی (غش) کردنە، بەداخەوە بەشێك لە خوێندکاران هەموو ڕێگایەك دەگرنە بەر تەنها بۆ دەرچوون ئەگەر تەنانەت ئەو ڕێگایە نائەخلاقیش بێت، وەکو گزی کردن، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبێت و لە ئێستادا لە ئاڵزترین ئاستدایە بە هۆی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان.
ئەگەر کۆنتڕۆڵکردنی خوێندکاران گرفتێکی سەرەکی بێت لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەکی ئاسایی لە ناو هۆڵی خوێندن ئەوا گرفتەکە زۆر ئاڵزتر و سەختتر دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئۆنلایندا، ئەو خوێندکارەی لە هۆڵی خوێندن لە ژێر چاودێری توندی چاودێران گزی بکات، بگومان ئەگەر چاودێری نەکرێت دەرفەتی گزی کردنی دەیان هێندە زیاتر دەبێت، لە کاتێکدا کە ئاستەمە تێبینی لایەنی هەڵچوونی خوێندکار بکرێت لە لایەن چاودێرانەوە.
شایەنی باسە لە ماوەی ڕابردوودا بەشێك لە خوێندکاران چەند گرووپێکیان داناوە لە تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکان بۆ گواستنەوەی وەاڵمەکان بە شێوەیەکی خێرا لە ڕێی کۆپی کردنەوە.
هەموو ئەمانەی باسکران گرفتی گەورەن لە بەردەم ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی ئۆنلاین جگە لە کێشە هونەرییەکانی تر کە بە هۆی ناڕوونی پرسیارەکان و کاتی تەرخانکراو بۆ هەر پرسیارێك و نەبوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و گرانی گۆڕگرتن لە خوێندار خۆی دەبێنێتەوە.
لەم ڕۆژانەی دواییدا دەنگی ناڕەزایی خوێندکاران بەرزبوەتەوە لە دژی بڕیاری تاقیکردنەوەی ئۆنلاین، ئێستا چەند گرووپێك لە تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکان دانراوە بۆ ئەم مەبەستە و خڕپیشاندان ڕێکخراوە و تەنانەت لە ڕێی چەند ئەندام پەرلەمانێکەوە دەنگی ناڕەزایی گەیاندراوەتە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی ناوەند بۆ ئەوەی پاشگەزبنەوە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و لە بری ئەوە پەاڵندنەوەی خوێندکاران جۆبەجۆبکرێت.
بە پێی تێبینییەکان لەوە دەچێت یەکێك لە کێشەکانی بەرپرسانی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەوە بێت کە بەوردی پلان بۆ کارەکانیان داناڕێژن و بە بۆ گەاڵنەوە بۆ ڕاوێژی کەسانی تر بڕیارە دەدەن، بڕیە بەشێکی بەرچاو لە بڕیارەکانی دەبێتە مایەی ناڕەزایی خوێندکاران و هەندێ جار ماڵستایانیش.
لە لایەکی ترەوە گوێنەگرتن لە کەسانی تر بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی بەرپرسەکانی خوارتر و ماڵستاکان بڕیارەکان جۆبەجۆ بکەن بەبێ بیرکردنەوە لە دروستی بڕیارەکان و شێوازی جۆبەجۆکردنیان.

لە ئێستا ترسی ئەوە هەیە کە تاقیکردنەوەی ئۆنلاین هەروەکو خوێندنی ئۆنلاین شکست بهێنێت بەهۆی کورانە بیاردان و گونەگرتنی بەرپرسان، لەوانەشە ئەمجارەیان باجەکەی قورستر بێت بۆ خوێندکاران چونکە پەیوەندی بە نمرەی خوێندکارانەوە هەیە.

**محمد احمد محمد**
1/6/2020

---

# کتێب: فلاشباك … نووسەر:ستیڤان شەمزینی

**کتێب: فلاشباك**
**بابەت: ئەزموون**
**نووسینی: ستیڤان شەمزینی**
**تایپ: نووسەر**
**دیزاین: هەرەم عوسمان**
**چاپ: سکای دیزاین**
**تیراژ: 1000 دانە**
**نرخ: 3000 دینار**
**ساڵی چاپ: 2017**
**شوێنی چاپ: کوردستان – سلێمانی**

بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....